# با ڕابوردووەکان بکەینەپەند!! ئەحمەد دەشتی

گەلۆ ئەگەر ئاوڕێک لەڕابوردووی کارەسات و بەسەر هاتەکانی تەژی لە زام وئازارانی کوردو کوردستان بدەینەوەو ئەو هەمو ڕەنج و نەهامەتی و دکرەساتەکانی کە بە سەر خاکی کوردستان و گەلی کورد هەر بە درێژایی مێژوو هێندراوەو هەر لە کۆنەوە داگیرکەرانی کوردستان چاوی تەماعیان بڕیوەتە خاکی زێڕینی کوردستان و هەرچی کە لە نامەردی و مرۆ کوژی و کاولکاری و دڕندەیی بۆ توانەوەی گەلی کورد و سڕینەوەی ناوی کوردستان لە سەر نەخشەی جیهان دا بەوپەری هێز و تواناوە کە لە دەستیان هاتووە ئەنجامیان داوە و زولم و زۆر داریان بە سەر گەلی کورد داسەپاندووە و خاکی کوردستانیان کردۆت دەریای خوێن و ئەسرین ، ئەگەر زۆر بە چاکی لەو هەموو ڕوداوو کارهەساتەکانی دیرۆکی ورد ببینەوەو هەمووهۆکارەکانی بە سەر هاتەکانی پڕ لە پەرێشانی و پەژارەو دوا کەوتوویی گەلی کورد شیێ بکەینەوە و دڵسۆزانە هەمویان هەلکسەنگێنین و یەکالا و ڕاستبینانە باسیان لێوە بکەین ، دەبینین کە گەلێ هۆکار هەن کە دوژمنانی گەلی کوردو داگیرکەرانی کوردستان توانیویانە دیاریان بکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن و زۆر بە وردی و کارامەیی کاری تێ بکەن و پڕ بە چاکی بۆ خۆیان بچنە ناو دڵی خەلکی کوردەواری و بۆ سودی خۆیان خاکی زێڕینی کوردستان و داگیر بکەن و بە هۆکارە زستانەیان هەولی خۆیان بدەن و تیادا سەرکەوتوانە هەتا ئەمڕۆکەش هەر بە کاری بێنن و وەک شاعیر گوتەنی بەباشی بۆ خۆیان لە گەلی کورد گەیشتوون و توانیویانە کە فێرمان بکەن جی خراپە بۆ خۆ وابین و چی چاکیشە بۆ دومن وا بکەین و هەموو کاریگەریەک بە سودی خۆیان و دژ بە گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو کاریگەر بن و کوردستانی زێدی باوک و باپیرانمان هەتا ئەمرۆکەش بە خاک و خون بکێشن و گەلی کورد بە دوا کەوتوویی هەتا ئەم سەردەمانەس هەر ئاوابمێنتەوە و ئەو هەموو کارەسات و کوێرەوەری و دواکەوتوویی کوردستان وەدی بێنن ، بیری نفاق و هەستی نەزانین و دوو بەرەکێ و یەکتر کوژی سیخوڕایەتی بۆ دوژمن لە مێشکی سادە دڵان و خیانەتکاران دا بچەسپێنن ، تەنانەت کەلتور و فەرهەنگی میللیشمان زۆر زیرەکانە بدزن ، تەنانەت لە ناو جیهانیشدا ناوی کورد بەد بکەن و هەرچی دڕندەیی و وەحشیگەریەتیەکی کە

لەناو دڵی خۆیان دایە لەوانەوە سەری هەڵداوە بەسەر گەلی کوردو کوردستانی دا بێنن و وا لە جهانیان بگەیێنن کە گەلی کورد گەلێکی دڕندەیەو لە بەر دەمی جیهانیان ناومان بەد بکەن،هەر بۆیەشە دەبینین کە نوسەری گەورەی ئەڵمانی کارلمای لە ئەلمانیاوەڕا کە هەرگیز نەهاتۆتە کوردستان و هەر لە دوورەوە ناوی کوردستانی بە وەحشی ناوەوکتێبێک بەناوی (کورستانی وەحشی) دەنوسێت و ئەم کتێبەش بە هەموو زمانە زیندوەکانی جیهانی وەرگێڕدراوەو کاری گەریەتی خۆی لە سەر ناساندنی گەلی کورد هەر لە زوکەوە بە خراپەکردووە،کە ئەمەش بۆ خۆی دەستێکی دوژمنانی داگیرکەری کوردستان بووە.

گەلۆ ئەگەر لاپەرەکانی ڕۆژگارانی مەینەت و ئازارانمان هەلبدەینەوەو بزانین میرانی کوردەواری و گەورەمەردانی دیرۆکی کورد بۆچی نەیان توانیوە کەلە رۆژگارانی زوو دا قەوارەیەکی میللی بۆ کوردستان دروست بکەن و گەلی کوردیش وەک تەواوی هاوسێکانمان ببێ بە خاوەن وەڵاتێکی کوردستان و ئالای ڕەنگینی کوردستان وەک ئاڵای تەواوی گەلانی جیهان هەتا هەتایە هەر شەکاوە بکەن و ناوی کوردو کوردستان لە سەر ئەتلەس و ناو قاموسەکانی جیهانیدا هەبایەو گەلی کوردیش سەربەخۆ و ئازاد و ڕەها بایە،ئەگەر لە خۆمان بپرسین و بلێین کوانی گەورەمەردانی دیرۆکمان کوانێ بەدرخانەکانی خاک پەرست،کوانێ شێخ سەعیدی پیران،کوانێ شیخ سەلام بارزانی و کوانێ شیخ ڕەزا،کوا لە کوێن نەهریەکان ، کوانی ئاگرێ داخ ونووری پاشاو ڕۆلەکانی ، کوانێ سمکۆی شکاک و کوانێ شێخ مەحمودی داری کەلی ، کوانن پێشەوای کورپە ساواکەی کۆماری مەهابادی خوێناوی و کانن شۆرەسوارانی ئەو ڕۆژگارانەمان،کوانێ بارزانی پالەوان و سەرەنجامی شۆرشەمەزنەکەی ئەیلولمان و هەزاران هەزار قارەمانی ئەو رۆژگارانەمان ، کوانی سەدان ڕاپەرین و بزاڤی میللی کورد بۆچی نەیان توانی کە گەلی کورد بە مافی خۆی بگەیەنن و تەنیا دیرۆکی ئازار و پەژارە و ڕەنجیان بۆ بەجێ هێشتین و لە گەڵ ئەو هەموو ئازایەتی و گیانبازی و خۆ بەخت کردنانەی ئەو قارەمانانە دەبینین گەلی کورد هەر و هەر چەوساوە مایەوە و دوور لە هەموو شارستانیەت و گەیشتن بە وەلاتێکی سەر بەخۆی کوردەواریە کە هەتا ئەمڕۆش هەر وەک ئەفسانە باسی لێوە دەکرێێت و هەر لێمان دوور دەکرێتەوەو نکارین ئەم مافەڕەوایە میللیەی خۆمان بە رک و ڕاست و ڕەوانی داوا بکەین و بە ئاشکرایی لە رووی هەمووی دوژمنان هاوار بکەین و بلێین

**کوردستانی سەربەخۆمان و وەڵاتێکی کوردیمان دەوێ و مێشکی ڕۆلەکانی ئایەندەمان بە وشەی سەربەخۆیی ئاو بدەین فێریان بکەێن کوردستان لهە هەـوو ژین و ژیانێک و لە هەموو حزب و لایە و کە سایەتی گەورەترە و ئەگەر کوردستان نەەێت کەسمان هیچ نین و خاوەنی هیچ شتێکیش نابین، لێ داخی گرانم کە ئاوا نین،خۆ هەتا ئەو ساتەش کەکورد بەو ئاواتە دیرینەی خۆی نەگات هەمیشە کارەسات و بە سەر هاتە زشتەکان چاوەڕوانمان دەکەن. ئەوەی جێگەی داخە کە هەتا ئەمرۆکەش زۆر لە بۆچوون و رفتار و هەنگاوەکانی ڕابوردوو دووبارەو چەند بارە دەکرێنەوە، لە گەڵ ئەو هەل و مەرجانەی کە ئەمڕۆش هاتۆتەکایەوە پەندمان وەر نەگرتووەو،هەر هەمان هاکار و هەمان ڕەوش و هەمان بۆ چوونە ناراستەکانی دیرۆکیە کەوا چەند پات دەبێتەوە و هۆکاری گەلێ لە کارەساتەکانی ڕابوردومانە و وا دیسانەکە گەلێ لەو هۆکارانەی رابووردو بە دەستی خۆمان زیندوو دەکەینەوەو مرۆ کە دەروانی دەلێت گەلۆ دیارە کە لە رابوردومان نەبا بوەو نەباران ،هەر بۆیەکەشە کە رابوردوی خۆمان ناکەین بە پەندو هەلە مێژووییەکان نەفرین ناکەین و وا بە دەستی خۆمان درندەکانی دیرۆک ئەوانەی کە تا ئەمرۆش بە هیچ کلۆجێک دان بە کوردو کوردستان ناهێنن و هەرگیز کە بۆیان بلۆیت لێ ناگەرێن کە کوردستان ببێ بە خاوەن قەوارەیەکی میللیو گەلی کورد لە سەرخاکی باپیرانی خۆی دا بە ئارامی و ئازاد و ڕەها و سەربەخۆیی بژیت ، ئەو نارەسەن و نامرۆڤانەی کەتا دوێنێ بە ئەنفال و کیمیا زیندە بە جاڵ بڕیارێ جینۆسایدی گەلی کوردیان دا وا ئەمرۆکەس لە جارەی گەلی لەونەی کە هاوبیر و هاو نەژاد و هاو زمانن و تا دوێنێ لە خوایان دەویست کورد پیان بڵی مەحەبا و هیچ نەبوون و لە کوردستان دەژیان و وا دەبینین کە لوتی خۆیان کەمێ بەبەرز دەبینن کەچی لە باسی کورد هاتونەتە مینگەمینگ و تەنانەت فیدڕالیش بە تەواوی دان پێ نانێن و وا دەزانن کورد دەبێ هەر چەوساوەو ژێر دەستەیان بێت.**

**جا دەبێ گەلی کورد بە تایبەتی رابەرانی ئەمرۆکە زۆر بە چاکی و ژیرانە و سەرکەوتوانە و ورد بینانە دوژمنانی دیرۆکی کوردو کوردستان بێننەوەبەر چاوی خۆیان و هەرگیز مەغروور نەبن و بزانن کە چی دەکەن وهەرگیز کوتردستانی خۆمان بۆ کەس لە یاد نەکەن و زیتر خەریکی کوردو کوردستان بن، چونکە هەر ئەو داگیرانەو نەیارانەی کوردستانن کە هەر ماون و ئێستاش وان لە سەنگەر**

دان و دەیانەوی دیرۆکی ڕابوردومان زیندوو بکەنەوە و دیسان گەل و هەموو رابەران و سەروەرانمان بە خاک و خوێن بکێشنەوەو ئەمەش هەمووی لە ژێر پەردەکانەوە هەولی بۆ دەدرێت ، ڕاســـــتە کە کورد دەڵێت( مار کە سڕیش بوو نابێ دەستی بۆ درێژ بکەیت) بەڵام داخی گرانم ئێمەی کورد هەتا ئەمرۆش لە بەڕ خەریک بوون بە مارە سرەکانی ژەهر دار وا خەریکە خۆمان لە یاد دەکەین و کوردستان دیسان دەخەینەوە ژێر چەپوکی ئەو دڕندانەو مرۆ کوژانەی مێژووی پڕ لەمیحنەت و ڕەنجو ئازارەکانی دیرۆکی رابوردو و برا نا براکانی زەبەڵلاح و بە خوێنی کورد تێنوو کە هەرگیز دانی خێر بۆ کوردو کوردستان دانانێن و هەر بە پیاو خەراپ و نامرۆڤمان ناو دەبەن و کە چی ئێمە هەر هاوارمانەو دەلێین هۆ کاکی برا گەورەمان وەرن ئێمە قوربانین بۆ ئێوەو ئێوەش دلۆڤانیمان لە گەل دا بکەن و باوەریان پێ دەکەین و بە سادە دڵی خۆمانەوە تەنانەت لە ماڵی خۆشمان دەیان کەین بە هاوبەش و پاشان کە دەستیان رۆیی یەقەمان دەگرن و نامەردانە لە ماڵی خۆمان ڕاومان دەکەن و هەمان دکرەساتی دیرۆکمان بۆ زیندوو دەکەنەوە ئەوسا ئێمەش دەکەوینەوە  چەقەلوولەو بابەڕۆ پشتم شکا رۆژی نەدەم کە سودمان نادات و بۆمان زۆر درەنگ دەیت.

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org